# سەرهەڵدانی کەلار، سەرهەڵدان دژیی گەندەڵی

## کاوه ئەمین

چەندین ساڵە دانیشتوانی باشووری کوردستان بەدەست گەندەڵی و فەسادیی حکوومەتی خۆییەوە دەناڵێنن و تەنانەت کاربەدەستانی حکوومەت خۆشیان بە ئاشکرا باسی لێوە دەکەن، بەڵام تا ئێستاش هیچ هەنگاوێکی جددی بۆ پاکردنەوەی گەندەڵکاران و مشخۆرانی بەرپرس هەڵنەهێنراوەتەوە، مەسەلە کوردییەکەی کە دەڵێت دارهەڵبرە سەگیی دز دیارە ئیمرۆ لە کوردستاندا خەریکە دەکەوێتە کردارەوە، بە شێوەیەک کە هەر باسی دزیی و گەندەڵی دەکەیت هەر بەرپرسەو لە ئاست خۆیەوە دەکەوێتە ملەقوتەو گومانەوە کە ئاخۆ بڵێیی لەگەڵ ئەویان بێت، چونکە بەڕاستی خەڵکانی پاک کە نەکەوتبنە نێو ئەو سیستەمە گلاووە کەمن.

ماوەیەک پێش ئێستا خەڵکی ڕانییە دەستیان بەناڕەزایەتی دەرریین کرد بەڵام بەچاوسووکردنەوە و هەندێک بەڵێنی درۆو دەلەسە خەڵکەکەیان بلاوە پێکرد، ئەوا ئیمرۆش مەنجەڵەکەیی خەڵکی کەلار هەڵچوو بەشێوەیەک کە دەستەڵاتیان لەو شارەدا وەها تەزان کە بە ئاشکرا بەو ڕوونکردنەوەیەیی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەردەکەوێت کە بەئاشکرا پاڵپشتی لە دزەکانی کەلار کراوە نەک خەڵکی ڕاپەریو بەدژی گەندەڵی.

لە سەردانی ئەمجارەمدا بۆ کوردستان چووم بۆ گوندێکی لای کەلار بۆ بینینی مامۆستایەکم، هەر کەدەگەیتە ناو شارەکە، بەڵام شاری چی، کەلاوەیەکە بۆ خۆیی نە شەقامی شەقامە نە کارەبایی کارەبایە، هەر هیچی بەسەر هیچەوە نییە، بەو هاوڕێیانەی کە لەگەڵمدا بوون وت: ئەرێ بەڕاست خەڵکی ئەمشارە چۆن بەرەگەی ئەم هەموو نەهامتییە دەگرن و بێدەنگن؟ وتیان بابە ئەم خەڵکە خوێنەکەیشی سەوزە، ئاخر ئەوە نییە وەک پەرلەمانەکەمان کە فێرن یان دەنگ نادەن یان یەکدەنگ دەقریوێنن، بەڵام لێرە شتێک کەمتر لە یەکپارچە دەنگیان بە یەکییەتی داوە و هەر کە ماشێنەکەشمان لە تاسەیەکی دەدا " وانێکێکیان" بۆ شارەوانی کەلار هەواڵە دەکرد، دڵنیام ڕۆژیی دوو سێ لۆری لەو بابەتەی بۆ حەواڵە دەکەن. بەڵام وا دیارە کاسەی سەبریی ئەو خەڵکە پڕ بووە و ئەگەر چاکسازیی نەکرێت ئەوا بە دڵنیاییەوە سەرهەڵدانی لەو شێوەیە لە سەرتاسەری کوردستاندا بەرپادەبن. دەستەڵات لە کوردستاندا چی تر ناتوانن بە کوردایەتی درۆزنانە و لە سێبەری خوێنی شەهیداندا خۆیان بشارنەوە، چواردە ساڵە نازیان دەگیرێت و بوونەتە مۆتەکەی سەری ئەو خەڵکە و وەکو حوتیان لێهاتووە بە هیچ شتێک تێر ناخۆن، بوونەتە گەردەلولێک و هەرچی سامانی ئەو وڵاتەیە ڕاینمالیوەتە گیرفانەکانی خۆیانەوە و هێشتا هەر پێیان کەمە، ئەچیتە هەر ماڵ و گوندو شارێکەوە دەنگی ناڕەزایەتی دەبیستیت و تفیان لێدەکەن، کەچی هەر تەڕ نابن و کە دێنە سەر شاشەی تیڤیەکان وەک نەبایان دیبێو نە بۆران، بۆیە درەنگ یان زوو ئەو ناڕەزایەتییەی خەڵک دەخرێتە پراکتیکەوە. نابێت ڕێگا بە دزەکان بدرێت بە ناوی کوردایەتییەوە، ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵکی لەکەدار بکرێت، چونکە خەڵک لە دژیی دەستەڵاتی گەندەڵ و مشەخۆر ڕادەپەڕێت نەک حکوومەتی کوردیی.

لەم جۆرە ڕاپەرینانە لە ئەفریقاش دوای وەدەرنانی کۆلۆنیالیزم لەو وڵاتانەدا بەرپاکران بەدژی دەستەڵاتی خۆماڵی کە پێشتر شۆڕشگێڕ بوون بەڵام کە دەستەڵاتیان گرتە دەست، بوونە مۆتەکەو سواریی سەری ئەو خەڵکە بوون، هەربۆیە زۆرێکیان ترۆ کران.

پێدەچێت خەڵکی کوردستان وردە وردە ڕاستییەکانیان بۆ ئاشکرا بێت، بە تایبەتی دوای نووسینەوەی دەستووری عیراق کە لەلایەن دەستەڵاتدارنی کوردەوە واڵێکدرایەوە کە باشترین دەستوورە، تەنانەت ئازاد بەرواری پێی وابوو کە لە سەدا نەوەدو هەشتی داخوازییەکانی کورد لەو دەستوورەدا نووسراون، ئیتر نازانرێت بۆ ئەو دوو دەرسەدەی تر جێبەجێ نەکروان، ئاخر حکوومەتێک هێندە حەکیم و دڵسۆز بێت دەیتوانی ئەو دوو دەرسەدەش جێبەجێ بکات کورد وتەنی کەرەکە کە نۆیی برد دەش دەبات.

**مام جەلالیش دەڵێت لەم دەستوورەدا کەرکووکییەکان لە هەموان زیاتر براوە ترن، جا قوڕولییتەی هەموو گێتی بەسەریی ئەوانەی کە دۆڕاون لەو دەستورەدا، مام جەلال باکی چییە ئەوەتا بە خانووەکانی کوردستان و بەغدایەوە تێر ناخوات وا لە ئەنقەرە و ئەستەمبوولیش دوو خانووی تری کڕیوە، تا بە "ئارامی" بیرەوەریەکانی لەوێ بنووسێتەوە، ئاخر ڕەنگە خانووەکانی کوردستانی وەکو ئەوانەی خەڵکی کەلار کارەبایان نەبێت، بۆ ئەوەی تورکەکان کارئاسانی بکەن لە تاپۆکردنی خانووەکانی لە تورکیا مام دەفەرموێت: ئەوەی تەقە لە تورکیا بکاتە دوژمنە و ئەو کوردانەشی داوای مافی خۆیان دەکەن تیرۆریستن، بۆ نایەن لەو بەهەشتە دیموکراتییەی کە جەنراڵەکانی تورک دروستیان کردووە خەباتی سیاسی بکەن و ماڵ ئاوایی لە چەک بکەن، چونکە ئیمڕۆ سەردەم سەردەمی دیموکراسی و مافی مرۆڤە. جا نازانم کاتێک پیاوەکانی ئاسایش تەقە لە هاووڵاتیانی کورد دەکەن کە دەڵێن " کارەبامان دەوێت" مام وەڵامی چییە؟**

**بەڕاست هەتا کەی ئەم هەموو سوکایەتییە قبوڵ دەکرێت لەلایەن دەروێشەکانی حیزب و دەستگا ڕاگەیاندنە " چاوەشەکانیانەوە"؟.**